Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.03 02:01:02 +01'00'

# هێرشی تیرۆریستانی ئیسلامی لەشاری هەولێر بەتوندی ئیدانە دەکەین !

لەدوو هێرشی جیا بەجیای تیرۆریستاندا کە لەرۆژی 2/1/ 2004 دا کرایە سەر لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستانو مەڵبەندی 3ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری هەولێر زیاتر لە200 کەس کوژرانو بریندار بوون کەژمارەیەك لەوان ئەندامو کادری سەرکردایەتی ناسراوی هەردوو حزبی ناوبراو بوون.

ئێمە ئەم کردەوە دڕندانەیە بەتوندی ئیدانە دەکەینو هاوخەمی خۆمان لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان دەردەبڕینو هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازین، هەروەها ئەمە بەکاروکردەوەی تیرۆریستانی ئیسلامی دەزانین کەلەڕێگەی کاری تیرۆرو تەقاندنەوەو خۆکوژیو گیانکێشانی ئینسانەکانەوە دەیانەوێت نەیارەکانی خۆیان لەناوبەرنو پلانو نەخشە ئیسلامییەکانیان بەدی بهێنن. بێگومان بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم جۆرە کارە دڕندەو بەربەریانەش پێویستەو دەبێت، هەر وەکو چەندین جار دووپاتمان کردۆتەوە، بەشێك بێت لەبەربەرەکانێ لەگەڵ گشت بزووتنەوە ئیسلامییەکان لەسەر ئاستی سیاسیو فکریو کۆمەڵایەتی، ئەو بزووتنەوانەی سەلماندوویانە تیرۆرو تەقاندنەوەو خۆکوژیو ئینسانکوژی بەشێکی دانەبڕاوە لەکارنامەی سیاسیو ریکخراوەییو حزبییانو ئەگەر بەسەرزارەکی هەندێك لەوان ئەو جۆرە کارە تیرۆریستیانە ئیدانە بکەن بەڵام خودی باوەڕو چالاکییەکانیان زەمینەی هەمەلایەنە بۆ روودانو دووبارەبوونەوەو پەرەسەندنی خۆشدەکەن.

ئەگەرچی تیرۆریستانی ئیسلامی بەیارمەتی وولاتانی دراوسێو خودی رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ لەچەندین ساڵی رابردوودا نەیانتوانی کوردستان بکەن بەلانەو مەڵبەندی خۆیانو لەم کارەو لەم هەوڵەیاندا شکستیان خواردو لەگەڵ نەفرەتو بێزاری خەڵکی پێشکەوتوو ئازادیخوازی کوردستاندا رووبەڕووبوون، بەڵام هێشتا ریشەکێش نەکراونو بەشێوەی جۆراوجۆر خەریکن لەگەڵ تاقمە تیرۆریستییەکانی تری باقی شارەکانی عێراقدا کلك گرێدەدەنو چالاکییەکانیان لەگەڵدا رێکدەخەن، خەریکن ئەو ئارامیو هێمنییە نسبییەی لەکوردستاندا زاڵە دەیگۆڕن بەپشێویو نائارامیو نائەمنی.

ئەم رووداوە جارێکیتر سەلماندی کەمامەڵەی دووفاقی ئەمریکاو هاوکارەکانی لەگەڵ تیرۆریستانی ئیسلامیو هێزە ئیسلامییەکانیتردا چەند فاشلو بێسەمەرە، ئیمتیازدان بەلایەنێك لەلایەنە ئیسلامییەکانو کوتانەوەی سەری لایەنێکی ئیسلامیتر کەمەترسی بۆ بەرژەوندییەکانی ئەمریکا هەیە چەندە سیاسەتێکی چەوتەو بەچ ئەندازەیەك زەمینەخۆشکەرە بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق لەنێوان بەرداشی تیرۆریزمی ئەو هێزە ئیسلامییانەدا لەگەڵ ئەمریکاو هاوکارەکانیئەودا لەعێراقدا ببن بەقوربانی راستەوخۆ.

دیارە خەڵکی کوردستان لەکاتێکدا کەدەبێت بەچاوکراوەیی زیاترەوە لەم رووداوەو لەئاکامەکانی بڕواننو رێگانەدەن ئارامیو ئەمنیەتیان لێبشیوێت، هاوکات ئەبێت ئەو راستییەش بزانن کەبەدیهێنانی ئەمنیەتو ئاسایشو نەهێشتنی تیرۆرو تەقاندنەوەو دەسکۆتاکردنی تیرۆریزمی ئیسلامی بەندە بەخەباتێکی هەمەلایەنەو ماندوونەسانەوە لەسەرتاسەری عێراقدا. خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو عیلمانی، خەبات بۆ پێشگرتن بەساتو سەوداو مامەڵەگەری لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا، خەبات بۆ رێگاگرتن لەهاوکاری پاشماوەکانی بەعسی رووخاو لەگەڵیاندا، خەبات بۆ نەهێشتنی زوڵمی قەومیو تائیفیو جنسیو باقی شێوەکانی تری هەڵاواردنو نایەکسانیو..........تاد ئەمانە مەیدانە سەرەکییەکانی خەباتو تێکۆشانی سیاسی ئەم دەورەیەی خەڵکی عێراقو کوردستاننو پێشڕەوی هەنگاو بەهەنگاو تیایاندا خەتەری پشێویو نائارامیو تیرۆرو تەقاندنەوە دووردەخاتەوەو زەمینە بۆ پەرەسەندنی خەباتو تێکۆشانو باشبوونی ژیانو گوزەرانیان خۆشتردەکات.

**مەرگ بۆ تیرۆریزم**

**بژی سۆشیالیزم**

**کۆمیتەی ناوەندی**

**بزووتنەوەی بنیات نانی حزبی کرێکارانی کۆمۆنیست - عێراق**

2004/2/2